# ستایلی ژمارە هەشت بۆ برۆی کچان

جۆرەکانی مۆدەی برۆ زۆرن و هەر جۆرێك لەلایەن چەند خانمێك یان کچان باوی هەیە و گرنگی پێدەدەن، بۆیە هەڵبژاردنی مۆدەی برۆ کارێکی ئەستەمە، تاوەکو مۆدەیەکی بەرچاو و شایستە دابین بکەین بۆ جوانیی چاو، هەر چەندە ماکیاژی چاو گرنگی خۆی هەیە، بەڵام گرنگی شێوەی برۆ زیاترە و ئەویش دەبێت بەپێی پێویستی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، یەکێك لەو مۆدە سەرنجڕاکێش و جوانانەی برۆ، مۆدەی ستایلی هەشتە، کە لە شێوەی ژمارە هەشت دەچێت و لە ناوەڕاستدا لار دەبێتەوە و بەڵام بە لاریەکی زۆر، بۆیە ناونراوە مۆدەی برۆی



شێوە هەشت. ئەو شێوەیە لەلایەن هەڵبژاردنی خانمان بە پێی خواست و ویستە، بەڵام دەکرێ ئەم شێوەیە لەگەڵ ماکیاژی چاو بگونجێنین، بە مەرجێك دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و کراوەی هەبێت، لەم جۆرە مۆدەیەدا، لە سەرەتای لای سەرەوەی برۆ، شێوەی برۆ پڕە و تا چەند بەرەو کۆتایی برۆکە بچین، زیاتر تەنکتر و ناسکتر دەبێتەوە، بەڵام لە ناوەڕاستدا، دەبێ شێوەیەکی کەوانەیی زۆر وەربگرێت و ئەمەش وادەکات کە شێوەیەکی ناسك و ڕازاوەی هەبێت، ئەم مۆدەیە لە کوردستان باوی هەیە و سەردەمانێکە هەندێك لە خانمان برۆیان بەم جۆرە دادەنێن.




# شێوازەکانی قاپ و قاچاغ بۆ ژووری چێشتلێنان

کەرەستەکانی ماڵ، دەبێ جوانترین دیمەن لەخۆبگرن، هەرچەندە هەر یەکە بایەخ و گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام دەبێ حیساب بۆ گشت کەرەستەکان بکەین و جیاوازیان هەڵبژێرین، بەمەش دەبێت هەر کەرەستەیەك لە شوێنی تایبەتی خۆی بێت، چونکە کەرەستەکان بە شێوە و جێگەیان، کار دەکەنە سەر جوانیی ماڵ، لە کاتێکدا دەکرێ دانانی کەرەستە، جوانی خۆی بنوێنێت و لە جێگەی تایبەت بە خۆی دابنرێت، ئەوەی باسی دەکەین بریتییە لە کەرەستەکانی خواردن بۆ ژووری چێشت، بە تایبەت قاپ، کە کەرەستەیەکی سەرەکییە بۆ کاتی خواردن و لە دواییشدا دوای هەڵگرتنەوە دەبێتە دیکۆرێك لە ژووری چێشت، گرنگە بۆ شێوەی قاپ کە ڕەنگاوڕەنگ بێت، یان لە ڕەنگێکی تایبەت بێت، زیاتر قاپ سەرنجڕاکێشتر دەبێت کە لە ڕەنگەکانی : سوور و قاوەیی و زەردی کاڵ بێت، چونکە ئەو ڕەنگانە دیکۆرەیین، بەم جۆرە خانمان دەتوانن دیکۆرێکی ڕازاوە و جوان بۆ ژووری چێشت دابنێن.







# تۆقەی شێوە گوڵ بۆ قژی سەر

ئێکسسوار، بە شێوەیەکی گشتی جیاوازی هەیە و هەر یەکەیان بۆ شوێن و مەبەستێك بەکاردەهێنرێت، یان دەپۆشرێن، خانمانیش دەتوانن ئێکسسوارەکان بەشێوەی جیاجیا، بپۆشن، لەگەڵ هەر ئێکسسوارێکدا، تۆقەی سەر شێوەیەکی بەرچاو جوانی هەیە، لەگەڵ هەر مۆدەیەکی ئەو ئێکسسوارە وەرگرتنی جوانییەکی ڕەها دەردەکەوێت، هەر تۆقەیەك بە جۆرە نەخش و شێوەیەك کاری جوانی هەیە، بۆیە ئێکسسواری لەم شێوەیە جێگەیەکی بە نرخ و جوان دەبەخشێت، تۆقەی قژ، دیمەنێکی ڕازاوەی هەیە، بەڵام دەتوانین سوود لەو جۆرە ئێکسسوارانە وەربگرین بۆ ئەوەی لەگەڵ هەر مۆدەیەکی قژ، جوانی خۆی ببەخشێت، چونکە دیمەنی تۆقە، لەسەر سەردا دیار دەبێت، کەچی کاتێك ئەگەر شێوەیەکی بەرچاو و شیاوی نەبێت، ئەو جۆرە مۆدەیە نابەخشێت، کە مەبەستمانە، زیاتر مۆدەی تۆقە، لەسەر شێوەی گوڵ و پەپوولە و گیانداری بچووك دەکرێت، کە دیمەنی جوان دەبەخشێت، لە هەمان کاتیشدا، تۆقە کاری بەستنی قژ دەکات و جوانی خۆشی هەیە.

# چۆنییەتی ڕێگەگرتن لە هەڵوەرینی قژ



زۆربەی خانمان تووشـــی ئەو گرفتە دەبن، کاتێك دەبینن قژیان هەڵدەوەرێت، ئەمەش لە کاتی خۆشووشتن یان کارکردندا ڕوودەدات، تەنانەت بەشێك لە خانمان، لە قژ هەڵوەرین دەترســـن و لەوەی نەوەك بەردەوام بێت، چەندین ڕێگە چارە هەیە کە وادەکات ڕێگەبگرێت لە قژ هەڵوەرین کە ڕێگەی سادە و ســـاکارن و بەبێ هیچ کێشەیەك یان دەرکەوتنی گرفت بۆ قژت، هەنگاوەکانیش لەم چەند خاڵە ڕوون دەکەینەوە :

- هەوڵبدە ئەو جۆرە گیراوەیە دروســـت بکـــە کە پێکدێت لە : دانانـــی مۆز و بڕێـــك هەنگوین و کەمێك شـــیر، لەناو ئامێری تێکەڵکـــەر یان خەلاتە، کـــە بۆ مـــاوەی (١٠) خولەك و دواتر بیخۆرەوە.
- هەوڵبدە زۆرترین ماوە، قژت کراوە بێت و ئەوەندەش نەیبەستیت، چونکە قژ بە بەســـتن تووشـــی هەڵوەرین دەبێـــت، لەبەر ئەوەی ناکەوێتە بەر هەوا و ئۆکسجینیش بۆ خانەکانی سەر ناچێت.
- ئەو جۆرە ڤیتامینانە بخۆ، کە ســـوودی بۆ قژ هەیە، لەوانە : ڤیتامین (ب) کە لە زۆربەی میوە و سەوزە و برنج و زەیتوون و هەناردا هەیە.
- لە کاتی خۆشووشـــتندا، هەوڵبدە ســـەرت بۆ خوارەوە دابهێنیتەوە و پاشـــان بە پەنجەکانت بە نەرمی ناوەڕاســـتی پێستی ســـەرت و بەشی دواوە و پێشەوە بە جوانی بشێلە.
- دوور بکـــەوە لە ماندووبـــوون و دوودڵی و کاتی دیاریکراوت هەبێ بۆ نووستن.


# پانتۆڵی جینز بۆ وەرزی پاییز

جلوبەرگ بۆ هەر وەرز و شوێنێك جیاوازی هەیە، دەتوانین شـــێوەی جلەکان هەڵبژێرین بە دیکۆری جیا لە وەرزەکانی پێشـــووتر و هەر جۆرە مۆدەیەکی جلوبەرگیش شـــیاوی مۆدەی تـــازە و جوانییەکی ڕەهایە، یەکێك لەو مۆدە جوان و ڕازاوانەی کە شـــێوەیەکی ســـەرنجڕاکێش و جوانیان هەیـــە، پانتۆڵی جینزە، ئەمەش وەك یەکێك لە مۆدە باوەکان، کە لە کوردســـتان ڕێژەیەکـــی زۆر لە خانمان دەتوانـــن وەك مۆدەیەکی تایبەت بیپۆشـــن. ئەم مۆدەیە لە جینزە تەســـکەکانە و لەسەرەوە کراوەیە و دواتریش تەســـك دەبێتەوە، ئەمەش جەســـتە دەگرێت و تەنانەت لەگەڵ گشـــت جۆرە مۆدەیەکی دیکـــەدا دەگونجێت، لەوانە : کاتێـــك لەگەڵ پێڵاوی بێ پاژنە (فلات)، یان کاتێك لەگەڵ قەمیســـی کورت و بۆدی و هەروەها لەگـــەڵ چاکێتی کورت، زیاتر دەردەکەوێت و دیمەنێکـــی ڕازاوەی دەبێت. ســـەبارەت بە ڕەنگی ئەو جـــۆرە جینزانە، دەکرێت لەو ڕەنگانەبن بەپێی وەرزی پاییزی ئێســـتا لەوانـــە : ڕەنگی ڕەساســـی- ڕەش – نیللـــی- خۆڵەمێشـــی و زەردی کاڵ – قاوەیی، ئەمەش دەکرێـــت وەك مۆدەیەکی سەرەکی بپۆشرێت .



# وێنەیەکی دەگمەنی هەولێر
## حەمامی علی ئاغا ..ئێستا و جاران






پیشـــەی حەمامگەری و کارکردن و دروست کردنی حەمام لە شاری هەولێـــر مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە و هەر لـــە کۆنەوە لەناو قەڵا حەمامـــی کۆنی قەڵا هەبوو ئەوەی لە هەریەك لەو دوو وێنەیە دەیبینین حەمامی علی ئاغایە، کە یەکێکە لە کۆنترین حەمامی شـــاری هەولێر پاش حەمامی قەڵا، لە وێنە کۆنەکەدا شێوازی کۆنی حەمامەکە بەدیار دەکەوێت کە مێژووەکەی بۆ سالأنی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە، لە دەوروبەریش بەهەمان شـــێواز هەندێك دوکانی کۆن هەیە، بـــەڵام لە وێنە نوێیەکەدا وەك دیارە ئەو حەمامە لەسەر شێوازی نوێیە و گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەڵام هەرماوەتەوە،ئەو حەمامە ئێستا دەکەوێتە کۆڵانی خانەقا بەرامبەر دەرگای بچووکی قەڵا نزیك بازاڕی ســـوورچی بەرەو مزگەوتی شـــێخ موســـتەفا ..هەروەها تەکیەی شـــێخ عەبدولکەریم دەکەوێتە پشت ئەو حەمامە و ســـودێکی زۆری هەبووە بـــۆ خەڵکی خانەقا . حەمام علی ئاغا ئاوی خۆی لە بیرێکی تایبەت وەردەگرت بەقوڵایی ٣٠ مەتر هەر لەناو حەمام، هەروەها بەرامبەر ئەم

حەمامە دوکانەکانی وەستا شـــێخ خەلیل پەنچەرچی بوو کە کۆنترین وەستا بوو لەشاری هەولێر .

## جلوبەرگی بووک و زاوای پێشان

ئەمـــە وێنەیەکی کۆنە و لە ســـەردەمێکدا گیـــراوە، کە لە ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیریدایە، وێنەکە کۆنە و گوزارشت لە شێوەی بووك و زاوای کورد دەکات، کە لە ســـاڵانی بەر لە چلەکانەوە بووە، بووك بە جلی کوردی و ســـەری داپۆشراوە، کە ڕووخساری دیار نییە و تەنیا بۆ زاوا هەبوو بیبینێت، کاکی زاواش بە جلی کوردی و کلێتە وپشـــتێنەوە دەستی بووکی گرتووە، زەماوەندی پێشوو بەم جۆرە بوو، زیاتریش بووك لەســـەر پشتی ئەسپ دەهێنرا، لە ماڵی بووك تاوەکو لای زاوا، ئەگەر ئاهەنگ هەبووایە، دەچوون بۆ ئاهەنگەکە، یان یەکسەر بۆ ماڵی زاوا، ئەمەش نموونەی شێوەی جلوبەرگی بووك و زاوای پێشان بووە.



## کورسی یان پێڵاو !

لـــە کاتێکدا کەرەســـتەکان بـــە چەندین دیمەن و شـــێوەی جوان دروســـت دەکرێن، کەچی مەبەستی دیکەش هەن لە دروست کردنی کەرەستەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و دیمەنێکی ڕازاوە، لەوانە دانانی کەرەســـتە لە دوو شێوەی جیاواز، کە هەر یەکە بە شێوەیەکی دیکە مانایەکی جیا دەبەخشێت، تا ئەو کاتەی لێی نزیك دەبیتەوەو ئینجا لە مەبەســـتەکە دەگەیت، یەکێك لـــە کۆمپانیاکانی وڵاتی ئۆکرانیا، جۆرە کورسییەکی دروست کردووە، کە لە شێوەی پێڵاودایە، ئەگەر لە دوورەوە سەیریان بکەیت، وا دەزانیت پێڵاوە، لە نزیکەوەش کورسیی دانیشتنە.



# مام سەعید
# وەستای شمشاڵ و نەی



**رەوەند بەختیار**

پیشـــەی دروست کردنی ئامێرە مۆسیقیەکان کۆنە و لەگەڵ گۆڕانی شێوازەکانی دروست کردنی بەڵام هەر بەردەوامە، رەنگە ئێستا تەکنیکی تازە هاتبێتە پێشـــەوە بۆ دروســـت کردنی ئامێرە مۆسیقیەکان بەتایبەت شمشـــاڵ ونەی بەڵام هەر وەك جاران و زۆر بەســـادەیی مام ســـەعید خەریکی دروســـت کردنی شمشاڵ و بلوێرە، مام سەعید خەڵکی ناحیەی دارەتووی شـــاری هەولێر و لە مێژە ئەو کارە بووە بە پیشەی و لە بەدەم دەرگای قـــەڵا هەر بە خەیاڵ و تام و بۆی جاران بەخۆی و دەســـتە ماندووەکانـــی خەریکی ئەم کارەیە، جیا لە دروســـت کردنی بلوێر و شمشـــاڵیش مام ســـەعید جار جاریش دەســـت دەکات بە ژەنینیان و دەمانگێڕێتەوە بۆســـەردەمی رابردوو، خەمەکانی بەربادی سەرشەقام دەکات و کۆمەڵێـــك كـــەس لە دەوری کۆ دەبنەوەو ســـەیری پەنجەکانی دەکەن،

شایەنی باسە هەریەك لە شمشاڵ و نەی و بلوێر بە ئامێرە فوودارەکان دادەنرێن کە بەشـــێکە لە پۆلینی ئامێرە مۆسیقیەکان و لە کۆندا زیاتر و لە ئێستاشـــدا لە زۆربەی ئاواز و گۆرانییەکاندا شوێنی ئەو ئامێرانە دیارە و رۆڵیان هەیە لە جوانترکردن و بە جۆشکردنی ئاواز و گۆرانییەکان بەتایبەت گۆرانیی فۆلکلۆری.

# مۆتۆرسكێل
# لە مرۆڤ

کاری سەیر بە چەندین رێگە و بەهرەی جوان ئەنجام دەدرێن، هەر یەکە بۆ مەبەستێکە، لەوانە بۆ نازناو و سەرنجراکێشی و نمایشی تایبەت، لەم چەند وێنەیدا، چەندین مۆتۆرسکێل دەبینن، کە لە ماددەی ئاسن و شتی دیکە دروست نەکراون، لە وڵاتی کەنەدا، توانیان نمایشێکی سەیر ئەنجام بدەن، کە بووە مایەی سەرنجراکێشانی گشت ئامادەبووان، لەو کاتەی کە ئەوانەی جەستەیان لاستیکە و یان بە شێوەیەکی سەیر دەچەمێتەوە، توانیان چەندین مۆتۆرسکێل دروست بکەن لە جەستەی مرۆڤ کە ئەمەش یەکێکە لەو بەهرانەی جێگەی بایەخ و گرنگی خەڵکە لە جیهان.







# نمایــشی جلوبــەرگ !

له شاری نیویۆرکی ئەمەریکی، سەیرترین نمایش ئەنجام درا، ئەم نمایشە کاتێك بۆ جلوبەرگ بوو، بەڵام نەك جلوبەرگ بۆ مرۆڤ، تەنانەت جلوبەرگی پشیلە بوو، کە ئەویش بە ئامادەکردنی چەندین جلوبەرگی ســەیر و جوان بوو بۆ کۆمەڵێك پشــیلەی جوان، کە هەر یەکەیان لە شێوە و جۆرێك بوون، دیمەنی هەر یەکەیان بە جۆرێك بوو، نمایشەکە دوو ڕۆژی خایاند و جگە لەوەی خەڵکانێکی زۆر سەردانی نمایشەکەیان کرد، هەروەها چەندین جۆرە جلی پشیلەکانی ئەو نمایشە فرۆشران.



## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبــدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆئــەوەی ناوی ئامرێکی میوزکت بۆ بۆ دەربچێ.


و ش ج ب ن و

وەڵامی ژمارەی پێشوو :مەم و زین




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەگەر بەرپرسانت ڕەخنەیان لەکارەکانت گرت، بێهودە مەبەو لەو ڕۆژانە بەخت یاوەرتەو سەرکەوتوو دەبیت.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەمــڕۆ ئەســتێرەکان ئەوەنــدە هێزت پێدەبەخشــن تابتوانیــت ڕووبەڕووی هــاوکارە ناحەزەکانت ببیتەوەو نەهێڵیت چیدیکــە پاشــملە بەخراپ باســت بکەن.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

پارە ئامرازی خۆشــگوزەرانیەو نابێت کۆکردنەوە تاکە ئامانجی مرۆڤ بێت لەژیاندا. پێویستت بەپشوودان هەیە . ئاگادری تەندروستی خۆتە بە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لاپەڕە کۆنەکان هەڵمەدەوە با کێشەکانت لەگــەڵ خۆشەویســتەکەتدا زیاتــر پەرەنەسەنێت . ئەمڕۆ لەپێداویستییەکان بترازێت شتی دیکە مەکڕە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

زۆرن ئەوانــەی دەیانەوێــت لێــت نزیــك ببنــەوە، بــەڵام بەراڕایــت دەترســن، توندڕەوی لەبیــرو بۆچوون زیانت پێدەگەیەنێت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بایەخ نەدانت بەدۆســتە دڵســۆزەکانت دەرفەتــی زێڕینت لەدەســت دەدات. دوور مەڕوانە بەرلەوەی دڵنیا نەبیت کــە کارەکانی ئەمــڕۆت بەڕێکی ئەنجام داوە.

## بۆ زاخــاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (داستان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەندامێکی ماڵە، پێچەوانەی خوشك)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی دوژمن)
- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (خواردنەوەیەکی کوردەواریە، لە مەشکە ئامادە دەکرێ)
- پیتی خانەکانی (٤+٣+٦)کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئامێریکی کۆنە بۆ دروێنە بەکاردەهێنرێ)



# میوە و مرۆڤ

ناکـرێ بە هیچ جۆرێك، شـێوەی مرۆڤ و میوە لە یەکتر نزیـك بکەینەوە، چونکە هەر یەکە لە ڕەواڵەت و گوزارشـــدا، شێوەیەکی جیاوازیان هەیە، کەچی وادیارە لەلایەن ئەو پیاوە سەیرەوە، توانیویەتی خۆی لەگەڵ کۆمەڵە میوە و سەوزەیەك بگونجێنێت، بە جۆرێك ئەگەر بە جوانی ســەیری وێنەکە نەکەیت، ناتوانیت پیاوەکە بدۆزیتەوە، چونکە شێوەی خۆی وەك میوە و سەوزەکان لێکردووە.

## پەنـــدی نـــاوداران




### نیچە دەڵێ:

**- ئەگەر هەر کەس بە قەدەر زانستی خۆی قسەی دەکرد، دونیا چەند ئارام و بێدەنگ دەبێت.**

## دیـوانـە شـیعر

**(هێمن)ی شاعیربۆ کچی لادێ دەڵێ :**

**کیژی لادێ یی نەشمیلی جوان چاک**
**بێ فڕ و فێڵ و هێدی و داوێن پاک**
**ئەتۆ هەر زگماگ وەها جوانی**
**تەوالێت چییە؟ ناوی نازانی**
**نیتە کراسی حەریر و پۆپلین**
**...گەوهەری پێچرای لە ناو خامی شین**
**...پۆدر و کرێم و ماتیکت نییە**
**هەر نەت بیستووە(ئۆدی کلۆن) چییە؟**
**نەتکرد سووراو و سپیاو، چون دووری**
**لە شاری، کەچی هەر سپی و سووری**
**فێرت لێ نەدا بسکەکەت لوولە**
**ڕێژیمت نەگرت بەژنت وەک توولە**
**لاجانگت وەکوو گزنگی تاوێ**



**هەر بۆ خۆی جوانە تیف تیفەی ناوێ**
**کولمەکەت وەکوو گولاڵەی گەشە**
**بێ سوورمەش چاوە مەستەکەت ڕەشە**
**وەکوو فرمێسکی ئاشق ڕووناکی**
**وەکوو ئاونگی بەیانان پاکی**
**س: ماڵێك بۆ شیعری کوردی**



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەوەندە خەمـــۆك مەبەو دنیا لەســـەر پشـــتی خۆت بارمەکە. هەر پرسیارێك وەڵامـــی خـــۆی هەیـــە. لەناوەڕۆکی بابەتەکە بنوارە.

**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بەرلەوەی بیر لەخۆشەویستییەکی نوێ بکەیتـــەوە. چاوێك بەهەڵســـوکەوتەکانتدا بخشێنەوە. سۆزداری مولکایەتی نییە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەگەڵ ئەوەی لەپەیوەندییە سۆزدارییەکانی ڕابردووت پەشـــیمان نیـــت. لەداهاتوویەکی نزیکدا خۆشەویستییەکی نوێ دڵت داگیر دەکات.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

کلیلی دڵت بدە دەســـت کەسێکی گونجاو کـــە متمانەت پـــێ هەبێـــت و بتوانیت لەگەڵیدا ژیان بەسەر بەریت. ڕاستگۆیی کۆڵەگەی هەر پەیوەندییەکە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بـــەدوای ئاواتی خەیاڵیـــدا ڕامەکەو لەواقع دوورمەکەوە. ئەوەی تۆ دەتەوێت بەدیهێنانی مەحاڵە. ئاگاداری تەندروستیی خۆت بە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بـــەردەوام گومانت لەهەموو کەسـێکەو متمانە بە نزیکترین کەسیشـــت ناکەیت. ئەســـتێرەکان لەسەر ئاستی ســـۆزدارییدا یاوەرت نابن.

## نوکتە

- یەکێك لـــە باوکی دەترســـێت و فێربووە بە نهێنی لە ســـەربان جگەرە دەکێشـــێت. ڕۆژێکیان باوکی دەچێت بەســـەریدا و دەیگرێت، ئەویش لەترسانا سەری لێ تێکدەچێت، جگەرەکەی دادەنێـــت و خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە.

